# مەقام

وریا ئەحمەد

**پێناسەی مەقام:** مەقام ئەو بناغەیەیە کە ئاوازەکانی لەسەر دادەنرێت و دروست دەکرێت و لە بەدواییەکداهاتنی (٧) دەنگی موزیک پێکدێت و کاتێک دەنگی هەشتەمی دێتەسەر، کە دووبارەی دەنگی یەکەمی مەقامەکەیە ، ئەو (٨) دەنگە لە هەموو دنیادا بە (ئۆکتاف) و لە ڕۆژهەلاّت بە (دیوان) و ڕەنگە لە شوێنی دی بە ناوی دی ناوببرێت. هەر مەقامێکیش یاسای تایبەتی خۆی هەیە کە لە مەقامەکانی دیکەی جیادەکاتەوە و پێی دەناسرێتەوە، ئەمەش بە بوونی ئەو میانانەی نێوان نۆتەیەک و ئەوەی دواییان پێش خۆی و بوونی تیتراکۆردەکان و پلەی گیرسانەوەی کە بە (تۆنیک) ناودەبرێت و لە زمانی کوردی بە (بناغەی مەقام)، یان ناوی دی ناوی دەبەین.

(تیتراکۆرد - وشەیەکی یۆنانییە لە ٢ بڕگە پێکهاتووە: (تیترا)، واتە چوار و کۆرد، واتە دەنگ، بە واتای (چوار دەنگ) دێ.

لە موزیکی ڕۆژئاواییدا (٢) جۆر مەقام هەیە: (گەورە - مێجەر) و (بچووک - مینۆر)، هەر مەقامێکی گەورە بۆ نموونە: لە مەقامی (دۆی گەورە)وە (تۆن) و نیوێک دابەزە، دەگەیتە مەقامی (لا)ی بچووک، بە پێچەوانەوە لە هەر مەقامێکی بچووکەوە تۆن و نیوێک سەرکەوە، دەگەیتە مەقامێکی گەورە. بۆ نموونە لە مەقامی (می) بچووک تۆن و نیو سەرکەوین، بە مەقامی (سۆڵ)ی گەورە دەگەین.

ئەمەش یاسای هەردوو مەقامی گەورە و بچووکە، (بڕوانە وێنەی یەکەم)

**مەقامی ڕۆژهەلاّتی:**

لە موزیکی ڕۆژهەلاّتیدا جگە لە بەکارهێنانی هەردوو

مەقامی گەورە و بچووک، هەندێ پسپۆڕی بوارەکە و تیۆرزانان: مەقامە ڕۆژهەڵاتییەکانیان بە (٢٥) ناوزەد کردووە، هەندێکی دی کردوویانەتە (٦٦)مەقام و هەندێک کردوویانەتە (٣٦٠) مەقام و لە هەندێ کتێبیشدا هاتووە: زانای گەورە (فارابی) لە سەردەمی خۆی (١٠٠٠) جۆر مەقامی کۆکردووەتەوە، بۆیە بەڕای ئێمە ئەو هەموو ناوە جیاجیایەی مەقامەکان، بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ (کە ڕۆژگاری عەولەمەیە)، ژیان سەخت بووە و خەڵکی زۆر سەرقاڵن، کارێکی ئەستەمە و پێمان وایە ئەو هەموو ناوی مەقامە، سەر لە موزیکژەن، بەتایبەتی لە گەنجان دەشێوێنێت، پێم وایە مەقامە سەرەکییەکان بزانین بەسە، چونکە لقەکان لەوانەوە داکەوتوون و پەیدابوونە، پاشان کە ئێمە مەقامێک، یان گۆرانییەک دەبیستین گرنگ ئەوەیە بزانین چ مەقامێکە، دواتر دەزانین ئەو مەقامە لە شوێنی خۆی لێدراوە، یان شوێنی گۆڕاوە، چونکە مەقام کاتێک بۆ سەر تۆنی دی بگوێزرێتەوە ، ناوی دەگۆڕێت، بۆ نموونە مەقامی (کورد) کاتێک لەسەر تۆنی (دۆ) بژەنرێت ناوی دەگۆڕێت بۆ مەقامی (حیجازکارکورد)!

**مەقامەکانی ڕۆژهەڵات دوو جۆرن:**

١) مەقامەکانی (چارەگە - ٤/١) دەنگیان تێدایە، بۆ نموونە: (ڕاست) و (حیجاز) و (سێگا) و (بەیات) و (سەبا).

٢) **مەقامەکانی (چارەگە - ٤/١) دەنگیان تێدا نییە، بۆ نموونە:** (عەجەم) و (نەهاوەند) و (کورد).

شایانی باسکردنە: عەرەبەکان لە کۆنگرەکانی موزیکیاندا، زۆر هەوڵیان دا ناوی (کوردی)، یان (فارسی) مەقامەکان بگۆڕن بۆ زمانی (خۆیان)، بۆیە دوای هەوڵێکی زۆر هەندێ گۆڕانییان لە ناوەکاندا کردووە، بۆ نموونە پلەی (یەگا - دۆ)یان گۆڕی بۆ ناوی (ڕاست)، دووگا، واتە (ڕێ)، یان گۆڕی بۆ (بەیات)، بەڵام سێگا و چارگا وەک خۆیان هێشتەوە، پێنج گایان کردە (نەوا) و شەشگایان کردە (حوسەینی) و حەفت گایان کردە (ئەوج) و هەشت گاشیان کردە (گەردان) کە ئەوانەش هەموویان لە ئەسڵدا وشەی عەرەبی نین.

١) **پێناسەی مەقامی ڕاست:** مەقامی ڕاست، بە بناغەی مەقامەکانی ڕۆژهەڵات دادەنرێت، لە دوو ڕەگەز پێکدێت، یەکەمیان: ڕەگەزی، یان (تیتراکۆردی)ی ڕاست لەسەر پلەی ڕاست، واتە (دۆ)، ڕەگەزی دووەم تیتراکۆردی (چواردەنگی) بەرەوژوور ڕاستی سەر پلەی (نەوا)، یان نۆتەی سۆڵ، بەڵام لە دابەزیندا ئەم ڕەگەزەی دووەم دەبێتە ڕەگەزی نەهاوەند لەسەر (نەوا - سۆڵ)، ئەمەش کاتێک پلەی (ئەوج - سی کاربیمۆڵ) بۆ پلەی (عەجەم - سی بیمۆڵ) دەگۆڕێت. لە میانی هەردوو ڕەگەزی مەقامی ڕاستیشدا پلەیەک، یان (تۆنێکی تەواوی جیاکەرەوە) هەیە.

ئەو مەقامانەی لە مەقامی (ڕاست) دروست دەبن: مەقامی سۆزناک کە تیتراکۆردی دووەمی دەبێتە حیجازی سۆڵ، مەقامی ماهوور تیتراکۆردی دووەمی دەبێتە عەجەمی سۆل، مەقامی نیرۆز: تیتراکۆردی دووەمی دەبێتە بەیاتی سۆڵ، مەقامی یەگاە: تیتراکۆردی دووەمی دەبێتە ڕاستی سۆڵ.

شیکردنەوەی مەقامی (ڕاست):

(بڕوانە وێنەی دووەم)

لە مەقامەکانی ڕۆژهەڵاتیدا، چوار جۆر میانمان هەن: میانی بچووک (٢/١) تۆنە. میانی مام ناوەندی (٤/١) تۆنە. میانی گەورە (١) تۆنە و میانی زیادکراو (١) و (٢/١) تۆنە.

٢) **پێناسەی مەقامی بەیات:**

لە دوو ڕەگەزی بنەڕەتی پێکدێت، یەکەم: ڕەگەزی بەیات لەسەر پلەی (دووگا - ڕێ)، دووەم: ڕەگەزی نەهاوەند لەسەر (نەوا - سۆڵ)، ئەم مەقامە لە سەرکەوتن و دابەزیندا پلەکانی ناگۆڕێن، پلەی جیاکەرەوەش لە نێوان دوو ڕەگەزەکەدا هەیە.

ئەو مەقامانەی لە مەقامی (بەیات) دروست دەبن: بەیات شووری: تیتراکۆردی دووەمی دەبێتە حیجازی سۆڵ، حوسەینی: تیتراکۆردی دووەمی دەبێتە بەیاتی لا، حوسەینی عوشەیران (بەیات لەسەر لای نزم) تیتراکۆردی دووەمی دەبێتە بەیات لەسەر ڕێ.

**شیکردنەوەی مەقامی بەیات:**

ڕەگەزی (چوار دەنگی)یەکەم (بەیات) لەسەر پلەی ڕێ، واتە لەسەر بەیات نۆتەی (ڕێ)، ڕەگەزی دووەم: (کورد) لەسەر نۆتەی حوسەینی، واتە (لا).

(بڕوانە وێنەی سێیەم)

٣) ئەو مەقامانەی لە مەقامی (سێگا) دروست دەبن: مەقامی عیراق لەسەر سیکاربیمۆڵ و بەیات لەسەر ڕێ

وەردەگرێت، ڕاحەتی ئەرواح: لەسەر سیکاربیمۆڵ و حیجاز لەسەر ڕێ، بەستنکار: لەسەر سیکاربیمۆڵ و سیکار و میکار و سۆڵ بیمۆڵ وەردەگرێت و سیانی سێگا و سەبا لەسەر ڕێ و ڕاستی دۆ، موستەعار: لەسەر میکاربیمۆڵ و فادێیز و سی بیمۆڵ وەردەگرێت.

(بڕوانە وێنەی چوارەم)

دیارە تا ئەمڕۆش زۆر لە موزیکژەنانمان جیاوازی لە نێوان هەردوو مەقامی (سێگا) و (هوزام) ناکەن و هەندێکیان بە پێچەوانە بەکاریان دێنن، بۆ نموونە: بە مەقامی (سێگا) دەڵێن (هوزام) و بە پێچەوانەشەوە.

مەقامی هوزام:

(بڕوانە وێنەی پێنجەم)

٤) ئەو مەقامانەی لە مەقامی (سەبا)وە دروست دەبن: سەبا زەمزەم (میکاربیمۆڵی) تێدا نییە، مەقامەکە سێ بیمۆڵ وەردەگرێت لەسەر نۆتەی (ڕێ)، سی و می و سۆڵ بیمۆڵ.

(بڕوانە وێنەی شەشەم)

٥) ئەو مەقامانەی لە مەقامی (کورد) دروست دەبن: تەنیا (حیجازکارکوردی) برادەرە، کە هەر مەقامی کوردە و لەسەر نۆتەی (دۆ) وەردەگیرێت. نۆتەکانی (سی) و (می) و (لا) و (ڕێ) بیمۆڵ وەردەگرێت.

(بڕوانە وێنەی حەفتەم)

٦) ئەو مەقامانەی لە مەقامی (عەجەم) دروست دەبن: چارگاه: لەسەر نۆتەی (فا) وەردەگیرێت و لەسەرکەوتن نۆتەی (میکاربیمۆڵ) و لە دابەزین دەبێتەوە (سی بیمۆڵ). عەجەم عوشەیران: مەقامی (عەجەم)، لەسەر نۆتەی (سی بیمۆڵ) وەردەگیرێت.

(بڕوانە وێنەی هەشتەم)

٧) ئەو مەقامانەی لە مەقامی (نەهاوەند) دروست دەبن: مەقامی فەرەحفەزا لەسەر نۆتەی (سۆڵ) وەردەگیرێت و تیتراکۆردی دووەمی دەبێتە کوردی ڕێ. نەهاوەند (مرصع) هەر لەسەر (دۆ)یە و تیتراکۆردی دووەمی دەبێتە حیجازی (فا).

(بڕوانە وێنەی نۆیەم)

٨) ئەو مەقامانەی لە مەقامی (نەوائەسەر) دروست دەبن: مەقامی (نەگریز) کە لای خۆمان بە مەقامی (هەمایۆن) ناسراوە، لەسەر نۆتەی (دۆ) وەردەگیرێت، پێنج دەنگی یەکەمی هەر وەک نەوائەسەرە و تیتراکۆردی دووەمی دەبێتە نەهاوەندی (سۆڵ)، واتە لای سروشتی و سی بیمۆڵ وەردەگرێت.

(بڕوانە وێنەی دەیەم)

٩) ئەو مەقامانەی لە مەقامی (نیوەشەو - حیجاز) دروست دەبن: مەقامی حیجازکار لەسەر دۆ، می بیمۆڵ و لابیمۆڵ وەردەگرێت، شەدعربان: لەسەر سۆڵ می بیمۆڵ و لابیمۆڵ و فا دێیز وەردەگرێت، شەهناز: لەسەر ڕێ سی بیمۆڵ و می بیمۆڵ و فا دێیز و دۆ دێیز وەردەگرێت.

(بڕوانە وێنەی یازدە)

شێوە گوتنەکانی کوردی: دیارە لێرە لە جیاتی زاراوەی (مەقام)، (شێوە گوتن)م بۆ بەکارهێناوە.

١) زۆرترین شێوە گوتنە کوردییەکان، لەسەر (پەیژەی) بەیاتن: وەک نموونە:

A) شێوە گوتنی ناوچەی هەولێر و دەوروبەری (حەیران)، لەسەر مەقامی (بەیات) دەگوترێت و لە دوو چین پێکدێت:

چینی یەکەم (دیوەخانی):

(بڕوانە وێنەی دوازدە)

چینی دووەمی حەیران (سەرچیایی):

(بڕوانە وێنەی سێزدە)

B) شێوە گوتنی ناوچەی سلێمانی (سەفەر)، لەسەر مەقامی (بەیات) دەگوترێت، لە گوتنیدا چواردەنگی سەرەتای مەقامەکە بەکاردێت و هەندێ مەقامبێژ ختووکەی نۆتەی پێنجەمیش دەدەن، بەڵام لە ڕووی مۆرک و تام و بۆنەوە لە شێوە گوتنی ناوچەکانی دی جیایە.

(بڕوانە وێنەی چواردە)

C) شێوەگوتنی (ئای ئای) سەر بە ناوچەی گەرمیانە و لەسەر مەقامی بەیات دەگوترێت، دووچینە و لە گوتنیدا سوود لە زۆربەی نۆتەکانی مەقامەکە وەردەگیرێت.

(بڕوانە وێنەی پازدە)

D) شیرین بەهارە: شێوە گوتنێکە لە شاری کۆیە، لەسەر دەستی هونەرمەندی کۆچکردوو، (ئەحمەدی حەمە مەلا)ی مەقامزان داهاتووە و شێوە گوتنەکە دانراوە و کەسانی دی وەریان گرتووە و یەکەم کەس هونەرمەندی ناودار (تایەر تۆفیق) بە دەنگێکی سازگار و زۆر وەستایانە بۆ ئێزگەی کوردی بەغدا تۆماری کردووە.

(بڕوانە وێنەی شازدە)

E) له پاش مەرگم: شێوەگوتنێکە لە شاری هەولێر لەسەر دەستی هونەرمەندی کۆچکردوو (مشکۆ) یەکەم جار لەسەر مەقامی (ئورفە) کە لقێکی مەقامی (بەیات)ە و لەسەر پلەی زاڵ، واتە (دۆمینانت) دەست پێ دەکات.

(بڕوانە وێنەی حەڤدە)

F) شێوەگوتنی هیجران: لەسەر مەقامی بەیات، یەکەم جار لەلایەن هونەرمەندی گەورە (عەلی مەردان)، گوتراوە، بە هۆنراوەی (شەرتە تا ڕۆژی حەشر)، دوای ئەوە گۆرانیبێژانی دی بە هۆنراوەی دی گوتوویانەتەوە، بۆ نموونە: شێوەگوتنی (عیشق و ئازادی - حەمە جەزا) لەسەر هەمان شێوە گوتنە.

(بڕوانە وێنەی هەژدە)

G) لاوکی گەنج خەلیل: لە سەر مەقامی بەیات و پێنج دەنگی یەکەمی بەیات گوتراوە، دیارە لە باکوور و لە ڕۆژئاوای کوردستان و لەلای کوردانی ئەرمینیا و کازاخستان و لەلای بەشێک لە کوردانی ڕۆژهەڵات و تەنانەت ناوچەی بادینانی باشووری کوردستانیش، شێوە گوتنەکانیان بە (لاوک) ناسراون و دەیان جۆرن و لەسەر مەقامی جیاجیا گوتراون.

(بڕوانە وێنەی نۆزدە)

شێوەگوتنی خورشیدی، یان مەقامی حیجازکار: یەکێکە لە شێوەگوتنەکانی ناوچەی گەرمیان، لەسەر مەقامی (حیجازکار) دەگوترێت و مەقامەکە لەسەر نۆتەی (دۆ) وەردەگیرێت، بەڵام (عەلی مەردان)، بۆ (ئێزگەی کوردی بەغدا) لەسەر نۆتەی (می - بۆسەلیک) خوێندوویەتی.

(بڕوانە وێنەی بیست)

شایانی گوتنە (عەلی مەردان) لەسەر نۆتەی (می) دەست بە گوتن دەکات و دەچێتە نۆتەی (سۆڵ دێیز - حەسار) و ختووکەی نۆتەی (لا - حوسەینی) دەدات و جاریش هەیە دەگاتە نۆتەی ناوبراو، هەندێ جاریش لەجیاتی نۆتەی (می) کە بناغەی مەقامەکەیە، لەسەر نۆتەی (می بیمۆڵ) دەوەستێت! دواجاریش تا نۆتەی (سی - ماهوور) کە لێرە لەم مەقامەدا پلەی (زاڵ - دۆمینانت)ە، عەلی مەردان دێت و لەوێ تەسلیمی دەکات، واتە کۆتایی بە خوێندنی مەقامەکە دێنێت.

**شێوە گوتنی (ئەڵڵاوەیسی):**

ئەڵڵاوەیسی شێوە گوتنێکە لە سێ وچان، یان چینی دەنگ پێکدێت:

**چینی یەکەم:** ئەیلوولی ساڵی (١٩٨٩)ی ز، واتە (٢٨) ساڵ بەر لە ئێستا ئەو مەقامەم لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (١٢٣)دا بڵاوکردووەتەوە و مەقامی (ئەڵڵاوەیسی)م تێدا بە شێوەیەکی زانستی شی کردووەتەوە، سووديشم لە گوتنی (حەسەن گەرمیانی بۆ ئەو مەقامە) وەرگرتووە، کە لەسەر نۆتەی (لا) خوێندوویەتی و بەندە لەگەڵ هونەرمەندان (ئەنوەر قەرەداغی و سەردار ئەحمەد) موزیکمان بۆ ژەنیوە.

(بڕوانە وێنەی بیست و یەک)

**چینی دووەم:**

(بڕوانە وێنەی بیست و دوو)

**چینی سێیەم:**

(بڕوانە وێنەی بیست و سێ)

**شێوەگوتنی قەتاری ناوچەی گەرمیان:** ئەم شێوەگوتنە وەک شێوەگوتنی ئەڵڵاوەیسی لە سێ چین دەنگ پێکدێت، چینی سێیەمی دەبێتە (نیوەشەو - حیجاز) و بە (خاوکەر) ناودەبرێت، وەک لە هەردوو مەقامزان کۆچکردووان (حەمە درێژ) و (مام محێدینی خەڵکی قادر کەرەم) بیستوومە، خاوکەر وەک ئای ئای و خورشیدی و ئەڵڵاوەیسی و قەتار، شێوەگوتن نییە و نابێ وەک ئەوان ناو ببرێت، چونکە بەشێکە لە شێوەگوتنی (قەتار).

(بڕوانە وێنەی بیست و چوار)

**چینی سێیەمی قەتار:**

(بڕوانە وێنەی بیست و پێنج)

شایانی گوتنە بەشی سێیەمی شێوەگوتنی (قەتار) واتە (خاوکەر)، لەماوەی ڕابوردوودا لەلایەن هەندێ گۆرانیبێژی کوردەوە وەک مەقامێکی تایبەت تۆمارکراوە.

**شێوەگوتنی (عەجەم - ئەوەڵ سەحەرە):**

شێوەگوتنی (سەحەر) بە دەنگی هونەرمەندی نەمر (سێوە) گوتنێکی کەم وێنەی کوردییە، لەسەر نۆتەی (حوسەینی)، واتە عەجەمی (لا - کە (فا) و (دۆ) و (سۆڵ) دێیز)وەردەگرێت، تۆماری کردووە، هەرچەندە شێوە گوتنەکە لە ڕووی زانستی مەقامەکانەوە، لەسەر پەیژەی (عەجەم) نییە، بەڵکو لەسەر پەیژەی (چارگا)یە، بۆ نموونە: مەقامی (چارگا) پلەی (حەفتەم)ی دەبێتە

(کاربیمۆڵ):
(بڕوانە وێنەی بیست و شەش)
سێوە هەر کۆپلەیەکی شێوە گوتنەکە، بەر لە وەستان، دەکاتە (بەیات) لەسەر پلەی (ڕێ)، بەڵام لە گوتنی سێوەدا بەیاتەکە دەکەوێتە سەر پلەی (فا) دوایی بۆ چارگا دەگەڕێتەوە، زۆربەی جار سێوە لەسەر نۆتەی (زاڵ - دۆمینانت) تەسلیمی دەکات و دەوەستێت.
(بڕوانە وێنەی بیست و حەوت)
شایانی گوتنە نۆتەی حەوتەمی شێوە گوتنەکە، (سۆڵ کاردێیز)، بەر لە تەسلیم کردن هەموو جارێک دەبێتەوە بە سۆڵ سروشتی، واتە عەجەمی (لا - حوسەینی).

**وێنەی یەکەم**




**وێنەی دووەم**




**وێنەی سێیەم**




**وێنەی چوارەم**




**وێنەی پێنجەم**




**وێنەی شەشەم**




**وێنەی حەفتەم**




**وێنەی هەشتەم**



## وێنەی نۆیەم

شـێکردنەوەی مـەقامی نەهاوەنـد




رەگـەزی نەهاوەندلەسـەر پلـەی راسـت سـەرکەوتن
رەگـەزی حیجـاز لەسـەر نـەوا سـەرکەوتن 2
رەگـەزی نـەگریز لەسـەر چارگـا سـەرکەوتن 3
رەگـەزی کـورد لەسـەر نـەوا دابـەزین 4
رەگـەزی نەهاوەنـد لەسـەر چارگـا دابـەزین 5
رەگـەزی کـورد لەسـەر دووگـا دابـەزین 6
رەگـەزی عەجـەم لەسـەر کـورد دابـەزین 7

## وێنەی دەیەم

شـێکردنەوەی مـەقامی نەوائەسـەر




گـرێ یـان میـانی پێنجـی نـەگریز لەسـەر راسـت 1
رەگـەزی حیجـاز لەسـەر نـەوا 2
رەگـەزی حیجـاز لەسـەر دووگـا 3

## وێنەی یازدە

مـەقامی نیوەشـەو

حیجـاز




تیـتراکۆردی حیجـاز لەسـەر رێ 1
تیـتراکۆردی راسـت لەسـەر سـۆڵ 2
تیـتراکۆردی کـورد لەسـەر لا 3
تیـتراکۆردی نەهاوەنـد لەسـەر سـۆڵ 4
تیـتراکۆردی نیوەشـەو لەسـەر رێ 5

لەسـەرکەوتن سـێکاربیمۆڵ
و لەسـەرەوخوار سـی بیمـۆڵ
نۆتـەی جیکـار ناکەوێتـە ناوەڕاسـتی
هـەردوو تیـتراکۆردەوە

## وێنەی دوازدە

چیـنی یەکـەمی حـەیران

دیوەخـانی



پێنجـی مـەقامی بـەیات لەسـەر نۆتـەی رێ

## وێنەی سێزدە

چیـنی دووەمـی حـەیران

سـەرچیایی



لەمـەیان حـەیرانبێژ یەکسـەر دەچێتـە سـەر پلـەی
دۆمینانـت ــ زاڵ و لـە هـەموو پەیژەکـە سـوودمەند دەبێـت

## وێنەی چواردە

شـێوەگوتنی سـەفەر



## وێنەی پازدە

ئـای ئـای



زۆر لـە گوتـنی حـەیران نزیکـە لـەرووی پێکهاتـەوە، چینی یەکـەم و دووەمـی هەیـە

## وێنەی شازدە

شـیرین بـەهارە



لـەگوتنی (ئـای ئـای) نزیکـە و لـێرەش هەنـدێجار سـێکاربیمۆڵی
تیـادا بـەکاردێت، پاشـان دەگەڕێتـەوە بـۆ بـەیاتی سروشـتی سـی بیمـۆڵ

## وێنەی حەڤدە

لـەپاش مـەرگم



وەک مـەقامی (ئورفـە) مامەڵـەی لەگـەڵ کـراوە و پێشـەکی ئورفـەی بـۆ ژەنـراوە
بـەڵام وەک پـەیژەی مـەقامی (حوسـەینی) سـێکار و میکـاربیمۆڵ وەردەگرێـت
لەگەڕانـەوەدا (سـی بیمـۆڵ) وەردەگرێـت و لەسـەر حوسـەینی (لا) دەوەسـتێت

## وێنەی هەژدە

هیجـران



سـەرەتاکەی لەشـێوەگوتنی (سـەفەر) نزیکـە، بگـرە هـەر لەمـە وەرگـیراوە،
دەچێتـە پلـەی زاڵ و ختووکـەی پلـەی شەشـەمیش دەدات و لەسـەر پلـەی میکـار
ماوەیـەک دەوەسـتێت بـەر لـەوەی بەیەکجاری لەسـەر نۆتـەی رێ بوەسـتێت

## وێنەی نۆزدە

لاوکـی گـەنج خـەلیل



## وێنەی بیست

خورشـیدی




رەگـەزی حیجـاز لەسـەر نۆتـەی بۆسـەلیک مـی 1
رەگـەزی حیجـاز لەسـەر نۆتـەی مـاهوور سـی سروشـتی 2

### وێنەی بیست و یەک

چیـــنی یەکـــەمی ئەڵلاوەیســـی



تـــرایکۆردی موســـتەعاڕ لەســـەر پلـــەی نیـــم حیجـــاز 1
تیـــتراکۆردی نەهاوەنـــد لەســـەر پلـــەی حوســـەینی 2

### وێنەی بیست و دوو

چیـــنی دووەمـــی ئەڵلاوەیســـی



چـوار دەنگـی چارگـا لەسـەر حوسـەینی 1
چواردەنگـی راسـت لەسـەر حوسـەینی 2

### وێنەی بیست و سێ

چیـــنی ســـێیەمی ئەڵلاوەیســـی



تیـــتراکۆردی راســـت لەســـەر حوســـەینی 1
تیـــتراکۆردی بـــەیات لەســـەر دەنگـــی مـــاهوور 2

### وێنەی بیست و چوار

چیـنی یەکـەم و دووەمـی

قـــەتار



تاکـە جیـاوازی قـەتار لەگـەڵ مـەقامی بـەیات نۆتـەکانی (سـی) و (مـی) کـاربیمۆڵن
بـەڵام لـە بـەیات نۆتـەی (سـی) بیمۆڵـە

### وێنەی بیست و پێنج

چیـــنی ســـێیەمی

قـــەتار



لـەم چینـەیان گـوتن دەبێتـە نیوەشـەو یـان حیجـازی سـۆڵ
بـەڵام گوتـنی مەقامەکـە ناچێتـەوە سـەر نیوەشـەوەکانی دی

### وێنەی بیست و شەش

مـەقامی چارگـا




رەگـەزی عەجـەم لەسـەر چارگـا لەسـەرکەوتن
رەگـەزی راسـت لەسـەر گـەردان لەسـەر کـەوتن 2
رەگـەزی نەهاوەنـد لەسـەر گـەردان دابـەزین 3
رەگـەزی کـورد لەسـەر حوسـەینی دابـەزین 4
رەگـەزی عەجـەم لەسـەر عەجـەم لـە دابـەزین 5

### وێنەی بیست و حەوت

مەقامی عەجـەم

سـەحەر

